# زمانی یەکگرتوو و ئەرکی نووسەران

هەژێن
٢٠٠٧/٠٣/٢٨

ماوەیەکە پرسی زمانی یەکگرتوو، بووەتە یەکێك لە پرسە جێ مشتومڕەکانی نووسەران، بەتایبەت لە ئینتەرنێت دا. بە بڕوای من هەرچەندە لە پاش پێشنیار و بڕیارەکانی میری هەرێمی کوردستان، ئەم قسە و باسانە تاویان سەند، بەڵام دەستبردن بۆ زمانی یەکگرتوو، پێداویستی هەموو سەردەمەکان بووە. چونکە مادام مە بە کوردی دەنووسین و بە کوردی لەیەك دەگەین، کەواتە پاراستن و یەکگرتنی زاراوەکان و زمانی ستانداری کوردی ئەرکی سەر شانمانە.

بە بڕوای من زمانی یەکگرتوو و ستاندارد، پێش ئەوەی ئەرکی کۆڕی زانیاری و زمانەوانی بێت، ئەرکی تاك تاکی نووسەرانە. ڕاستە دەبوو میری هەرێمی کوردستان، لە شازدە ساڵی ڕابوردوودا، هەم ناوەندێکی بۆ زمانناسان بکردایەتەوە و هەم لە پەرتووکەکانی خوێندن و راهێناندا، هەم لەبواری راگەیاندن؛ ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامەگەریدا هەر چوار زاراوە سەرەکییەکەی بەکار ببردایە و هەمیش لە هەوڵی دانانی فەرهەنگێکی گەورە بە کۆکردنەوەی ئەو وشە کوردییانەی کە لە زاراوەکاندا بەکار دەبرێن و پارێزراون.

بەڵام ئەوەی کە میری هەرێمی کوردستان- ڕاسترە بڵێم میرییەکان، چونکە لە شازدە ساڵی ڕابوردوودا، شازدە ڕۆژ میری یەکگرتووی هەرێمی کوردستان لە ئارادا نەبووە و ئێستاش نییە- بەو کارە هەڵنەستاوە، ئەمەش ئەوە ناگەیێنێت، کە ئێمەی نووسەر لەم نێوەدا بەرپرس نین. ئێمە دەمانتوانی هەر کەسە و لە جێی خۆیەوە چ بە تاك و چ بە کۆ، کار بۆ زمانی کوردی یەکگرتوو؛ یەکگرتوو نەك ستاندارد. چونکە دەزانم زمانی ستاندارد کاری زمانناسانە، بەڵام هەر یەك لە ئێمە بە بەکاربردن و تێکەڵکردنی زاراوەکەمان، دەمانتوانی شتێکی نەك گەورە و گران، بەڵکو سادە و سانا بکەین.

پرسی زمانی یەکگرتوو، تەنیا گرفتی ناسیونالیستەکان نییە، وەك هەندێك بۆ دەچن، بەڵکو گرفتی هەموو کەسێکە کە بە کوردی دەدوێ و دەنووسێ و بیردەکاتەوە. بە پێچەوانەوە دەبینین، ئەوە بەشێك لە ناسیونالستەکانن، کە خەریکن بە زاڵکردنی زاراوەیەك و توانەوەی ئەوانی تر، زمانی کوردی لاواز دەکەن. بەڵام قسەکردن لە زمانی یەکگرتوو و ستاندارد، هێندەی پرسێکی زمانەوانییە و کاری زمانناسانە، ئەوەندە پرسێکی ڕامیاری و ڕامیاریمەندان نییە. هەرچەندە ئەو پێشنیار و بڕیارەی ڕامیاریمەندان خەریکن کاری بۆ دەکەن و دەیدەن، تەواو ڕامیارییە و زۆربەی ئەو سەرنج و ڕەخنانەش، کە لەو پێشنیار و بڕیارە گیراون، دیسانەوە لە گۆشەنیگای ڕامیارییەوە، سەریان هەڵداوە و پەرە دەسێنن.

بە بڕوای من ئەگەر زۆرینەی دانیشتوان بکەینە پێوەر بۆ ستاندارد بوونی زاراوەیەك، ئەوا کرمانجی، زۆرینەیە. ئەگەر دەوڵەمەندی زاراوەیەك بکەینە پێوەر، دیسانەوە، ئەوا کرمانجی دەوڵەندترە، چونکە ناوچەیەکی فراوان و چەندین شاری گەورەش قسەی پێ دەکەن. ئەگەر کۆنی و پاراوی بکەینە پێوەر، ئەوا هەورامی و زازاکی، کۆنترین و پاراوترن. بەڵام بە بڕوای من چۆن بڕیاری ستانداردکردنی زاراوەیەك، بڕیارێکی نابەجێ و زیانبەخشە، هەروەها زۆری و کۆنی و پاراویش ناتوانن بنچینەیەکی دروست بن بۆ وەها پێشنیار و بڕیارێك. لەبەرامبەردا، زمانی یەکگرتوو و ستاندارد، تەنیا بە ئاشناکردنی دانیشتوانی گشت دەڤەرەکانی کوردستان بە هەموو زاراوەکان و بەکاربردنیان لە هەموو بوارەکاندا، لە پێش هەموویانەوە، ڕاگەیاندنی میری و لەناو دەزگەکانی بەڕێوەبردن و پەروەردە و ڕاهێنان و بواری هونەر و ئەدەب.

بەڵام وەك پێشتر پەنجەم بۆ ڕاکێشا، میرییەکانی کوردستان هەر هێندەی بەگ و میرەکانی سەدەی نۆزدە بە تەنگ زمانی کوردییەوەن و تەنانەت نە سەرۆککۆمار و نە سەرۆکی هەرێم و نە سەرۆکشالیار و نە شالیار و نە ئەندام پارلەمان و نە بەڕێوەبەری چاپخانە و نە شالیار و نە بەڕێوەبەرەکانی پەروەردە و نە بەڕێوەبەرانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە بێ ئەژمارەکانی هەرێم، ناتوانن بە زاراوەکانی تر بدوێن و بنووسن و تێ بگەن و تەنانەت هەر بەو زاراوەش کە بڕیاریان داوە، بیکەنە زمانی ستانداردی کوردی، ناتوانن چەند ڕستەیەك خاڵی لە هەڵەی ڕێزمانی و داڕشتن، بدوێن یا بنووسن. ئەگەر هەر خوێنەرێکی هێژا گومانی لەم قسەیەی من هەیە، با لاپەڕەکی (A4) یا ئاخاوتنی یەکێك لەو بەڕێزانەی من ناوم بردوون، بکاتە نموونە و بیخاتەڕوو.

نەك هەر ئەمە، بەڵکو ئەو بێسەرەوبەرەیییەی ئەوڕۆکە زمانی کوردی بەدەستییەوە دەناڵێنێ، بەشی زۆری لە ڕاگەیاندنی پارتە دەسەلاتدارەکان و ڕاگەیاندنی فەرمییەوە، سەریهەڵداوە. نموونەش بۆ سەلماندنی ئەم ڕایە، دەتوانین، سەردانی ماڵپەڕی پارتەکان، ڕۆژنامەکانیان، ڕادیۆ و کەناڵی ساتلاییتەکانیان، بکەین و گوێ لە پەیامنێرەکانیان بگرین، گوێ لە کۆڕ و سیمینار و هەوالەکانیان بگرێن و تاوێك لە وێرانی زمانی ستانداردی کوردی – کە بڕیارە زاراوەی سۆرانی بێت- ڕابمێنین و ئەوسا خەمساردی خۆمان هەڵسەنگێنین*.

گرفتێکێ تری بەردەم زمانی یەکگرتوو و ستانداردی کوردی، هەڵبژاردنی ئەلفابێت و ڕێنووسی یەکگرتوو و ستانداره. وەك دەزانین، لەلایەکەوە زۆربەی کورد، بە کوردی نانووسن و تەنانەت ئەو ئەلفابێت و ڕینووسانەش کە بەکار دەبرێن، شارەزا نین و بە زمانە زاڵەکانی تر دەنووسن. لەلایەکی ترەوە، خودی ئەو ئەلفابێت و ڕێنووسانەش بە دروستی بەکار نابرێن و دەتوانم بڵێم بۆ خۆشیان هەڵەن و هەڵەیان تێدایە**. ئەمە باسێکی ترە و دەکرێ لە بابەتێکی تردا لەسەرئەلفابێت و ڕێنووسێك کە سۆرانی و هەورامی نووسان و ئەلفابێت و رێنووسێك کە کرمانجەکان پێییان دەنووسن، قسە بکەین. بە ڕای من هەنگاوی یەکەم پێشنیار و بڕیارە لەسەر زمانی یەکگرتوو و ستاندارد، ئەوسا نۆرەی ئەوە دێت، کامە ئەلفابێت و کامە ڕێنووس بۆ زمانی کوردی گونجاوە؟

پاش تێگەیشتن لە گرفتەکە، دیسانەوە، ڕووبەڕووی ئەرکی سەرشانی خۆمان وەك نووسەر دەبینەوە، کە بە بڕوای من دەکرێ ئەم خاڵانەی خوارەوە بەشێك بن، لەو ئەرکە دەستبەجێیانەی کە وێرانی زمانی کوردی لە ئەوڕۆکەدا دەیخاتە بەردەممان:

- پێش ئەوەی نووسینەکانمان بۆ بڵاوکردنەوە بنێرین، هێندە ئەرك بدەینە بەرخۆمان، بژارێکی ڕێزمانی و داڕشتنی بکەین و هەڵەکانی تایپکردن ڕاست بکەینەوە.
- کاتێك کە ڕەخنە لە دەقێك دەگرین، لایەنی ڕێزمانی فەرامۆش نەکەین.
- هەوڵ بدەین، کێبوردێکی ستاندارد و دەوڵەمەند لە نووسیندا بەکار بەرین. ***
- هەوڵ بدەین، تا دەتوانین وشە و دەستەواژەی زاراوەکانی تر بەکار بەرین و ئەگەر پێویستی کرد، فەرهەنگۆکەیەك لە کۆتایی نووسینەکەماندا بۆ خوێنەران بخەینەڕوو.
- تایپکردنەوەی فەرهەنگە کوردییە کۆنەکان و دانانیان لە شێوەی پەرتووك لەسەر ئینتەرنێت یا فەرهەنگی ئەلەکترۆنی.
هەر کەس کە توانای هەیە چ بە تاك و چ بە کۆ دەست بۆ دانانی فەرهەنگی کوردی بە کوردی بەرێت و هەوڵ بدەین، لەو پرۆژانەدا هەمووان مافی زیادکردنی واژەی زاراوەکانی تریان هەبێت، لە وانە:

کرمانجی - سۆرانی / سۆرانی - کرمانجی
کرمانجی- هەورامی/ هەورامی- کرمانجی
کرمانجی- لوڕی / لوڕی - کرمانجی
کرمانجی - زازاکی / زازاکی - کرمانجی
سۆرانی - هەورامی / هەورامی - سۆرانی
سۆرانی - زازاکی / زازاکی - سۆرانی
سۆرانی - لوڕی / لوڕی - سۆرانی
هەورامی - لوڕی / لوڕی - هەورامی
هەورامی - زازاکی/ زازاکی - هەورامی
لوڕی - زازاکی- زازاکی – لوڕی ****

بەمجۆرە تا دوایی و دەکرێ ئەم پرۆژانە کراوە بن و هەمووان تێیدا بەشدار بن و سەرنج و ڕەخنەی خۆیان ئاراستە بکەن و گەشەیان پێ بدەن.
- ......
- .....

ئایا بە ئەنجامدانی ئەم ئەرکانە، ئێمەی نووسەر ناتوانین، میری هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی یەکەمی زمانی یەکگرتوو و ستانداردکردنی، بخەینە بەردەم فەرمانی کەتوار؟ ئایا خۆلادان لەم ئەرکانە، ڕۆژێك لە ڕۆژان گیرۆدەی لەیەك نەگەیشتن و وەڵامنەدانەووەی زاراوەی زاڵکراو بە پێداویستییە زمانەوانییەکانمان، ناکات؟

هیوادارم توانیبێتم، هێندەی بەرپرسیارییەتی خۆم وەك نووسەر لەم باسەدا سوودم بە پرسی زمانی یەکگرتوو و ستانداردی کوردی گەیاندبێت و پرسەکەم وروژاندبێت.

* مەبەستم لە بێدەنگی زمانناسان و نووسەرانی بە توانا و سەرپەرشتیکارانی ماڵپەڕ و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانە بە تایبەتی و نووسەرانە بە گشتی.

** مەبەستم لەو پاشاگەردانییەیە کە بەسەر ئەلفابێت و ڕێنووسی باوی ناوچەی سۆرانی نشینی بە تایبەت باشوری کوردستاندا زاڵە و کار گەیشتووەتە ئەوەی نەك تەنیا نووسەرانی ماڵپەڕێك، گۆڤارێك، ڕۆژنامەیەك، دوو ئەندامی خێزانێك، بەڵکو نووسەری وامان هەیە یەك ڕێنووسی دیاریکراوی لە نووسینەکانیدا نییە!

تا ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئەلفابێت و ڕێنووسی لاتینی کە کرمانجەکان لە باکوور بەکاری دەبەن، ئەویش گیرۆدەی ڕێساکانی زمانی تورکییە و گەر وا بڕوات، فۆنۆتیکی کوردی لەو دەڤەرەدا دەفەوتێ و فۆنۆتیکی زمانی تورکی بەسەریدا زاڵ دەبێت. وەك وتم دەکرێت ئەم باسە بۆ بابەتێکی تر هەڵگرین.

*** پێشتر لەبەر نەبوونی کیبوردی کوردی، نووسەران ناچاربوون پەنا بۆ کیبوردی عەرەبی و فارسی بەرن. بەڵام هەنووکە بە دەست پێشخەری کوردئایتی گروپ و زانستپەروەرانی کورد و چەند کەسێکی دیکە لەوانە بەرێز ئیحسان وەلزی، بووینەتە خاوەنی چەند کیبوردێکی کوردی، کە دەتوانن لەم بەستەرانەی خوارەوە دایانگرن:

http://kurditgroup.org/downloads.php?cid=1&Hotpot

http://www.rwanin.net/index.php?option=com_content&task=view&id=29&ac=0&Itemid=1

**** مەرج نییە فەرهەنگی یەکگرتوو، بەو شێوە بەشبەش بێت، بەڵکو دەکرێت، هەموو بەیەکەوە بێت، یا بەو شێوەیە بەرگ بەرگ بێت یا هەر چەند پیت و بەرگێك پێک بهێنن. بەلام بەڕای من بۆ بەشداری هەمووان و بۆ چاوەڕوان نەمانەوەی کەس لەسەر کەس، دەکرێ چەندین پرۆژەی لەو جۆرە پشنیار بکەین. هەروەها دەشکرێت هەر زاراوەیەك بە تەنیا بێت و دوایی ئامێتە بکرێن.